# خانمانی کوردی تاراوگە خوێندنەوەی خۆیان بۆ دۆخی باشووری کوردستان هەیە

زۆربەی شرۆڤەکارانی سیاسی و تەنانەت چالاکانی مەدەنی پێداگرییان لەسەر ئەوە دەکرد کە پێویستە مەترسییەکانی دوای داعش لە عێراق بە وردی تاوتوێ بکرێت، پێشبینی ئەوەشیان دەکرد کە حەشدی شەعبی بە پشتیوانی وڵاتانی دراوسێ دەستدرێژی بکاتە سەر سنووری کوردستان، بەڵام هەرگیز پێشبینی ئەوەیان نەدەکرد کە چەند کەسی نابەرپرس و دەستڕۆیشتوو لە سنووری کەرکووک و سلێمانی ببنە کەواسووری بەر سوپای میلیشیای داگیرکەر و قومار بە هەموو دەستکەوتەکانی کورد بکەن. ئەگەرچی ئەو پیلانە نەگریسە بە گەلەکۆمەکێی وڵاتانی دراوسێ سەری گرت و ناوچە کوردستانییەکانی رزگارکراوی دەرەوەی هەرێمی کوردستان داگیر کرانەوە و هەوڵی هاتنە ناوی پایتەختی هەرێمیشیان دا، بەڵام هیممەتی بوێرانە و ئیرادەی پۆڵایینی پێشمەرگە پاشەکشەی پێ کردن، کوردستانییانیش وەرەی خۆیان لە دەست نەداوە و جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەو دۆخە ناهەموارە تێدەپەڕێنن، کوردانی تاراوگەش داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەن لە بەرامبەر ئەو گەلەکۆمەکی و دەستدرێژییانەدا بۆ سەر دەستکەوتەکانی کورد بێدەنگ نەبن. هەر لەو بارەیەوە چەند خانمی چالاکی کورد لە دەرەوەی وڵات را و سەنجی خۆیان بۆ گۆڤاری گوڵان دەخەنەڕوو.



لەیلا عەلی یار، چالاکی مەدەنی و خاتوونێکی کوردی دوورەوڵاتە سەبارەت بە دۆخی ئێستای باشووری کوردستان لە سویدەوە دەڵێت: «داگیرکردنەوەی کەرکووک و ناوچە کوردستانییە رزگارکراوەکان کە بە هیچ شێوەیەک پێشبینی نەدەکرا، ژمارەیەکی زۆرمان وەک کوردانی دەرەوەی وڵات دژی کودەتای ١٦ی ئۆکتوبەر و گەلەکۆمەکێ و هێرشی سوپای پاسدارانی ئێران و میلیشیاکانی عێراق بۆ سەر کوردستان خۆپیشاندانمان کردو تا دواهەناسەشمان دەنگمان دەخەینە پاڵ ئەو پێشمەرگە قارەمانانە کە سەروەریی نەتەوەییمان دەپارێزن.» گوتیشی: «ئەگەر پێشمەرگە بەرگری نەکردایە ئێستا حەشدی شەعبی و پاسداری ئێرانی لە ناو هەولێری پایتەختیش دەستدرێژییان دەکردە سەر کورد و ئاڵای کوردستان، بۆیە هەموو پێکاتەکانی کوردستان قەرزاری گیانفیدایی پێشمەرگەین.»

د. سورەیا فەلاح، لێکۆڵەر و چالاکی سیاسی — کۆمەڵایەتییەو لە روخسارە دیارەکانی پرسی مافی مرۆڤ و مافی کەمینە دینی و نەتەوەییەکانە و بڕوانامەی دکتۆرای پەروەردەی لە زانکۆی ویلایەتی کالیفۆرنیا — نورتریج وەرگرتووە. دەڵێ: هێرشی حەشدی شیعەی عێراقی و سوپای پاسدارانی ئێرانی بۆ سەر کوردستان چاوەڕواننەکراو بوو. ئاماژە بەوەش دەکات کە «ئەمریکا چەکی پێشکەوتووی بە عێراق دا، بەڵام سوپای بەزیوی عێراق لە موسڵ کە دووەم گەورە شاری عێراقە، هەمووی بۆ داعش بەجێ هێشت کە هەر بەو چەکانە دوو لەسەر سێی خاکی عێراقی داگیر کردو هاوکات هێرشی کردە سەر کوردستان، بەڵام پێشمەرگە داعشی بەزاند و هاوکاری سوپای تێکشکاوی عێراقی کرد و ورەی بەو سوپایە و حەشدی شەعبی بەخشییەوە، کەچی لە بری دەستخۆشی پەلاماری کوردستانیان دا، بێدەنگبوونی ئەمریکاش وەک پێکردنی گڵۆپی سەوز سەیرکراوە بۆ دەستتێوەردانی زیاتری ئێران لەو دۆخە، کە لە راستیدا بوونە ستوون پێنجی ئێران

**پارتی دیموکراتی کورستان و شەخسی بەڕێز مسعود بارزانی لە ئێستادا ئاڵاهەڵگری پرسی کورد و سەربەخۆیی کورستانن، ئێرانیش ئەوە بە کۆسپێکی گەورە لەبەردەم خۆیدا دەبینێت کە لەگەڵ بزاڤە مەزهەبگەراکەیدا ناتەبایی هەیە، بۆیە بە تەواوی هەوڵ دەدات، ئەگەر خۆیشی پێی نەکرێ، بە شەڕی ناوخۆیی لەو ئامانجە نەتەوەییە دووریان بخاتەوە**



و هەموو کارئاسانییەکیان بۆ بەدەستەودانی ناوچە کوردستانییە رزگارکراوەکان کرد، ئەوەش زیاتر لەوەی بە شکستی بزانین، بازرگانییەکی سیاسی و ئابووری بوو کە لە هەموو بنەمایەکی ئەخلاقی و ئینسانی و دیپلۆماتیکی بەدوور بوو.

د. سورەیا لە بارەی ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی و گرێدانەوەی بە رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتوبەرەوە دەڵێت: «هەر کەس وا بیر بکاتەوە کە ریفراندۆم هۆکاری رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتوبەر بووە، زۆر بە هەڵەدا چووە. لە بەر ئەوەی تەنیا شەڕی داعش پیلانی داگیرکردنەوەی کەرکووکی دواخستبوو، ئێران و عێراق هەرگیز قبووڵی ناکەن کە کوردستان گەورەترین زەخیرەی نەوتی ناوچەکە کۆنترۆڵ بکات. هەروەها ئێران ئۆپۆزسیۆنی خۆی لە عێراقدا دەکاتە ئامانج، هاوکات نایەوێ کورد رێگەی وشکایی عێراق و سووریا کۆنترۆڵ بکات. ئەمریکاش بە هۆی ئەوەی کوردستان گرێبەستی نەوتی (رووسنەفت) لەگەڵ رووسیا مۆر کردووە، تووڕەیی خۆی بە پشتگیرینەکردن لە کوردستان پیشان دەدات. ئەمریکا لە ئێستادا کەوتووەتە نێو پیلان و داوی ئێرانەوە و پێکەوە وەکو دوو لێوی مەقەستێک کورد دەبڕن، بەڵام ئەوە شتێکی کاتییە و ئەمریکا و جیهانی ئازاد لە مەترسییەکانی ئێران بۆ ناسەقامگیرکردنی ناوچەکە تێگەیشتوون.» جەختیش لەوە دەکاتەوە کە «فەرماندەی سوپای قودسی ئێران (قاسم سولەیمانی) جگە لەوەی سەرۆک وەزیرانی پێشوو و ئێستای عێراقی کردووەتە سەربازێکی بەرفەرمانی خۆی، بەردەوام لە سنووری سلێمانی تەراتێنی دانوستاندن دەکات، ئامانجەکەشی تەنیا داگیرکردنەوەی کەرکووک نییە، بەڵکوو هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی لە کوردستان لە ئەولەوییەتی ئامانجەکانیدایە.» گوتیشی: «رێگەی رزگاری لەو بۆسە و داوە هاوبەشانەی ئێران و عێراق، تەنیا یەکگرتوویی و یەکدەنگی و یەکڕیزی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە، بەپێچەوانەوە تەنیا دوژمن بەهێز دەکرێت و مەترسییەکانی لەباربردنی دەستکەوتەکانی کورد زیاتر دەبن. لە ئێستادا هەموو میدیای ئەمریکا بە جۆرێک لە جۆرەکان شەرمەزارمان دەکەن و ئەمریکییەکان پێمان دەڵێن: خۆتان لە ناو خۆتاندا ناکۆکن و خەیانەتکارتان تێدایە، ئێمە چۆن پشتیوانیتان بکەین؟»

هەڵاڵە قازی چالاکی مەدەنی کوردێکی تاراوگەیە و یەکێکە لەو سەدان هەزار کەسەی کە لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر بە توندی ئیدانەی داگیرکردنەوەی خاکی رزگارکراوی کوردستانیان کردووە، هەر سەبارەت بەو تاوانە مێژووییەش سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ لە ئێران و دامەزرانی حکومەتی شیعە، کۆماریی ئیسلامیی ئێران دوو مەبەستی سەرەکی هەبووە، یەکەم: فراوانکردن و هەناردەکردنی ولایەتی فەقیهی مەزهەبی شیعە. دووەم: بێبایەخکردنی هەستی نەتەوەیی بەتایبەت لە ناوخۆی ئێران. لە پێناوی ئامانجی یەکەم ئەوەتا دەستێوەردانەکانی ئێران لە سووریا، لوبنان، یەمەن، بەحرەین و .. هتد بەردەوامە و ئیرادەی سیاسی لە عێراق ئیفلیج کردووە و بە تەواوی دەستی بەسەردا گرتووەو لە هەموو بڕیارێکی سیاسی و تەنانەت سەربازیدا رۆڵی سەرەکی هەیە.» گوتیشی: «هۆی سەرەکیی کارەساتی ١٦ی ئوکتۆبەری ئەمساڵ(٢٠١٧) کە داگیرکردنەوەی بەشێکی زۆری خاکی کوردستانی لێکەوتەوە، لە لایەک رق و قینی شەخسی و لە لایەکی دیکەوە ئێران بۆ دروستکردنی هیلالی شیعە لە سلێمانی تا شنگال و سووریا لە هەوڵدایە، پێویستی بە رێگایەکی ئەمنی زەمینی و کۆنترۆڵکراو هەیە، کە پێیوایە لەو رێگایەوە و بە لێدان لە ئیسرائیل دەتوانێت ئیمپراتۆریی مەزهەبگەرای خۆی بسەپێنێت، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەشی دوای جێگیرکردنی هێزەکانی لە سووریا و دروستکردنی دەیان میلیشیا لە عێراق، هاوکات ئێران ویستی شکۆی پێشمەرگە و سنبولەکانی کورد بشکێنێ و ئاکامی ریفراندۆم و ئاواتی سەدان ساڵەی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لە بار ببات، بەڵام پێشمەرگە بە ئیرادەی پۆڵایینەوە رووبەڕووی دەبێتەوە.»

هەڵاڵە قازی لە کۆتایی رادەربڕینەکەیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «پارتی دیموکراتی کورستان و شەخسی بەڕێز مسعود بارزانی لە ئێستادا ئاڵاهەڵگری پرسی کورد و سەربەخۆیی کورستانن، ئێرانیش ئەوە بە کۆسپێکی گەورە لەبەردەم خۆیدا دەبینێت کە لەگەڵ بزاڤە مەزهەبگەراکەیدا ناتەبایی هەیە، بۆیە بە تەواوی هەوڵ دەدات، ئەگەر خۆیشی پێی نەکرێ، بە شەڕی ناوخۆیی لەو ئامانجە نەتەوەییە دووریان بخاتەوە.» گوتیشی: «بێگومان لەم کاتە هەستیارەدا ئەگەر خەڵك و پارتە نەتەوەییەکانی باشووری کوردستان هەڵسەنگاندنی ورد و دروستیان بۆ دۆخەکە نەبێت و پشتیوانیی یەکتر نەکەن، ئەو دەرفەتە لەبارەی کە رەخساوە بۆ کورد، لە دەست دەچێت.»

**وەک کوردانی دەرەوەی وڵات دژی کودەتای ١٦ی ئۆکتوبەر و گەلەکۆمەکێ و هێرشی سوپای پاسدارانی ئێران و میلیشیاکانی عێراق بۆ سەر کوردستان خۆپیشاندانمان کردو تا دواهەناسەشمان دەنگمان دەخەینە پاڵ ئەو پێشمەرگە قارەمانانە کە سەروەریی نەتەوەییمان دەپارێزن**

**ئەگەر پێشمەرگە بەرگری نەکردایە ئێستا حەشدی شەعبی و پاسداری ئێرانی لە ناو هەولێری پایتەختیش دەستدرێژییان دەکردە سەر کورد و ئاڵای کوردستان، بۆیە هەموو پێکاتەکانی کوردستان قەرزاری گیانفیدایی پێشمەرگەین**

**رێگەی رزگاری لەو بۆسە و داوە هاوبەشانەی ئێران و عێراق، تەنیا یەکگرتوویی و یەکدەنگی و یەکڕیزی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە**

# دۆخی منداڵانی ناوچە دابڕێندراوەکانی کوردستان لەژێر هەڕەشەی دەروونیدایە

به گوێرەی ئامارەکانی ڕێکخراوی یونسێف، بە هۆی شەڕەکانەوە١٠ ملیۆن منداڵ تووشی نەخۆشیی دەروونی و خەمۆکی هاتوون، کە بەشی هەرە زۆری ئەو منداڵانە لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامین، دەروونناسان و پسپۆڕانی بواری پەروەردەش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە شەڕ کاریگەرییەکی ترسناکی لەسەر کەسێتیی منداڵ هەیە، بە جۆرێك کە ئەو ترسەی جەنگەکان بە هۆی دەنگی فڕۆکە و تەقە و تەقینەوەی تۆپ و مووشەك و ئاژیرەکانی ئاگادارکردنەوە بەرهەمی دێنن، لەناو منداڵاندا دەبنە هۆی تووشبوون بە فۆبیا و خەمۆکییەکی توند .هاوکات شەڕەکان قەیرانی شوناس لای منداڵ دروست دەکەن، بەو پێیەی ئەوان نازانن سەر بە کام لایەنی شەڕکەرن و خۆیان لێ ون دەبێت. بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی یونسێف، نزیکەی ٥٠٠هەزار منداڵی عێراق پێویستییان بە چارەسەری دەروونی هەیە، ئەویش لە ئاکامی ئەو ترس و شۆکەی شەڕ لە دەروون و بیرەوەرییاندا چاندوویەتی.

لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە لە ماوەی دەساڵی رابردوو لەو وڵاتانەی کە جەنگیان تێدایە زیاتر لە دوو ملیۆن منداڵ کوژراون و زیاتر لە چوار ملیۆنیان ئاوارە بوون و یەك ملیۆنیان بێ دایك و باوك ماونەتەوە و زیاتر لە دە ملیۆن کەسیش یەکێك لە ئەندامەکانی جەستەیان لەدەستداوە. رفاندن، زیندانیکردن، دەستدرێژی و بینیی گوللەبارانکردنی دایك و باوك و ئەندامانی خێزان هۆکاری سەرەکی شڵەژانی باری دەروونی ئەو منداڵانەن، لە ئێستاشدا دۆخی دەروونیی منداڵانی ئاوارەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بە هۆی دڕندەیی تیرۆریستانی داعش و هێرشی حەشدی شەعبی کە هاوکات بوو لەگەڵ دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن زۆر خراپە و بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵانیش جەخت لەسەر بەدەنگەوەهاتنی بەپەلە بۆ ئەو منداڵانە دەکەن.





سەرەتا سەرۆکی ڕێکخراوی ئاریانا د. مەیادە محەمەد نەجارِ سەبارەت بە قەیرانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لەلای منداڵانی ئاوارەی جەنگ بەتایبەتی منداڵانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم دەڵێت: «بە درێژایی مێژوو گەلەکەمان ڕووبەڕووی زۆر قەیران و گرفتی دەروونی بوونەتەوە بە هۆی ئەو ڕەوشە نالەبارەی کە لە کوردستاندا هەبووە، وەك دەزانین پێشتر ئەم ناوچانە بەتایبەتی شاری کەرکووك کە هەمیشە بەدەست ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقەوە تووشی کێشە بووە، بە درێژایی مێژوو منداڵان و ئافرەتانی ئەم ناوچانە ڕووبەڕووی توندوتیژی جۆراوجۆر بوونەتەوە، هەروەها لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لەساڵی ٢٠٠٣ و لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقدا سەرجەم هاووڵاتیانی ئەم ناوچانە بەتایبەتی ئافرەتان و منداڵانی ئەم ناوچانە ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە، واتە کۆمەڵکوژی و توندوتیژی یەکێك بووە لەو هەڕەشانەی کە ژیانی ئەم خێزانانەی تووشی زۆر مەترسی کردووە، هەروەها لە دوای هێرشەکانی داعشی تیرۆریستیش جارێکی دی خێزانە کوردەکانی ئەم ناوچانە ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەوە، ئێستاش لەلایەن حەشدی شەعبییەوە توندوتیژی جۆراوجۆر دژ بە هاووڵاتییانی ئەم ناوچانە بەکاردێت کە بەشێوەی جۆراوجۆر تووشی کێشەی دەروونی و جەستەیی دەبنەوە.» گوتیشی: «من وەك سەرۆکی ڕێکخراوی ئاریانا پێشتریش یەکێك لە سێکتەرە گرنگەکانی ڕێکخراوەکەم بۆ چارەسەری دەروونی تەرخان کردووە لەو چوارچێوەیەشدا پرۆژەی پاراستنی خێزان و سەنتەری فریاگوزاری دەروونی بۆ ئافرەتان و پرۆژەی بنیادنانەوەی کەسایەتی بۆ ئەو ئافرەتانەی کە تووشی قەیرانی دەروونی بوون، هەروەها پرۆژەی هاوڕێی منداڵان کە تایبەتە بە منداڵانی ئەو ناوچانەی کە تووشی توندوتیژی بوون. ڕەنگە لەم حاڵەتدا منداڵان زیاتر سوود لە پرۆژەی هاوڕێی منداڵان وەربگرن کە پرۆژەیەکی هەمەچەشن و فراوانە بۆ چارەسەری قەیرانە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکانی منداڵان، بەتایبەتی پرۆژەی هاوڕێی منداڵ یەکێکە لەو پرۆژانەی کە دەبێتە هەنگاوێکی باش بۆ چارەسەری دەروونی منداڵانی ئاوارە و کەمکردنەوەی گرفتە دەروونییەکانیان، چونکە ئەم پرۆژەیە تایبەتە بەگرنگیدان بە منداڵان و پێشخستنی تواناکانیان، ئەم پرۆژەیە کە من ئامادەم کردووە، ئەگەر بودجەیەکی دیاریکراومان بۆ دابین بکرێت، لە زۆر بواردا کارەکات کە پەیوەست و تایبەتە بە منداڵانی ئاوارە، زیاتر کەمپەکان و ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە ئێستا ڕزگارکراون لەژێر چنگی داعش، بەڵام دواتر لەلایەن حەشدی شەعبییەوە داگیر کراون .بێگومان پرۆژەی (هاوڕێی منداڵان) پرۆگرامێکی تایبەتە بۆ خزمەتکردنی منداڵ، لەم قۆناغەی ئێستادا دەبێت کاری جددی لەسەر باری دەروونیی ئەو منداڵانە بکرێت کە ئاوارە بوون و تووشی توندوتیژی هاتوون، لەبەر ئەوەی چارەسەرکردنی لایەنی دەروونیی منداڵان پێویستی بە کارکردنی زۆر بەرنامەی زۆر هەیە، گرنگە ئەم بەرنامانە بە وردی کاری لەسەر بکرێت و ئەم پرۆژە دەروونییانە لە کەمپەکان جێبەجێ بکرێت .

یەکەم هەنگاوی گرنگ کە دەبێت زوو ئەنجام بدرێت و ئێمە لە چوارچێوەی ئەو پرۆگرامەی کە لە ڕێکخراوەکەمان نەخشەمان بۆ کێشاوە، هەنگاونانە بۆ چارەسەری دەروونیی منداڵان، ئەویش بە چەند قۆناغێك کە یەکەمیان دەبێت ستافێکی پسپۆڕ چاوپێکەوتن لەگەڵ منداڵەکان ساز بکات و بە بەردەوامی بیانبینێت بۆ ئەوەی لەسەر ئەو بنەمایە کار لەسەر چارەسەری کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانیان بکات، دوای وردبوونەوەو تێگەیشتن لە کێشەکەی ئەو کات لایەنی دەروونیی ئەو منداڵە دەستنیشان دەکەن، دواتر ئەو ستافە دەروونناسە ڕاپۆرتی خۆیان لەسەر ئەو منداڵە ئامادە بکەن، هەنگاوەکان بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەیان ڕەوانەی تیمێکی تر بکرێت کە بە تیمی دووەم ناسراوە کە پێکهاتووە لە پزیشکێکی دەروونناس و کارمەندێکی تەندروستی و پارێزەرێك و توێژەرێکی کۆمەڵایەتی و توێژەرێکی دەروونی، لێرەدا جیاوازی لە نێوان تیمی یەکەم ئەرکی تەنیا دەستنیشانکردنی کەیسە، بەڵام ئەرکی تیمی دووەم چارەسەکردنی کەیسەکەیە، بێجگە لەوەی دەبێت پارێزەرەکە لە ڕووی یاساییەوە ڕاپۆرتێکی پێشکەش بە ناوەندە یاساییەکان بکات و لە ڕێگەی ڕیکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە کار لەسەر گەیاندنی ئەو پرسە بە نەتەوە یەکگرتووەکان بکات .بێگومان هەنگاوێکی گرنگی نێو پرۆسەی چارەسەری دەروونی بۆ ئەو منداڵانەی بە هۆی زوڵم و زۆری داعش و حەشدی شەعبییەوە تووشی شڵەژانی دەروونی بوون، دەبیت زۆر بە وردی بکرێت لەلایەن ئەو تیمە پسپۆڕە و دەبیت ڕۆژانە سەردان بکرێن هو هەوڵی ئەوە بدرێ کە ئەو منداڵانە کێشەکانیان چارەسەر بکرێت. هەروەها دەبێت لە نزیکترین کاتدا کار لەسەر ئەوە بکرێ کە ئەو منداڵانە بۆ خوێندن بگەڕێندرینەوە، چونکە بە گەڕاندنەوەی منداڵان بۆ خوێندن بەشێکی زۆری کێشەکانیان چارەسەر دەبێت .

مافپەروەر عیماد ئەحمەد سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «بەهۆی ئەو کێشانەی کە لە ڕابردوو و لە ئێستادا ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان و ناوچەکە بۆتەوە، ئەمە

وایکردووە کۆمەڵێك خێزان دەربەدەر و ئاوارە بن کە لە دۆخێکی خراپدا ژیان بەسەر دەبەن لە رووی ئابووری و نەبوونی شوێنی نیشتەجێ و خۆراکی پێویست، ئەمەش زیاتر کاریگەری خراپی خستۆتە سەر منداڵەکان. بەتایبەتی ژیانێکی ناخۆش بەسەر دەبەن و ئەمەش کاریگەری خراپی کردۆتە سەر باری دەروونیی منداڵەکان بۆیە ئەرکی رێکخراوەکانی منداڵانە کەوا هاوکاری ئەو خێزانانە بکەن کە منداڵیان هەیە، بەداخەوە نە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و نە رێکخراوەکانی دیکە کە باسی مافی مرۆڤ و مافی منداڵ دەکەن، وەك پێویست بە ئەرکی خۆیان هەڵنەساون بەبەرچاوی ئەوانەوە منداڵانی بێتاوان دەکوژرێن و ئاوارەو دەربەدەر دەکرێن، ئێستا بێگومان ئەرکی هەموو دامودەزگاو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە هاوکاری ئەو منداڵە بکەن لە ووی ماددی و مەعنەوی، لەبەر ئەو رەوشە ناخۆش و ناجێگیرە زۆربەی خێزانەکان کچەکانیان لە تەمەنێکی بچووك بە شوو دەدەن لەبەر دەست کەوتنی برێك پارە، یاخود کار پێکردنی منداڵەکانیان لەسەر شەقامەکان کە زۆر جار تووشی کاری خراپ و نایاسایی دەبنەوە، ئەمەش پێچەوانەی دەقەکانی یاساکانی مافی منداڵانە.

ئیراد مەنوچێهر سان ئەحمەد سەرپەرشتیاری پەروەردەیی - بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە، هێما بۆ ئەوە دەکات کە «بەهۆی ئەو جەنگ و کوشتارەی کە عێراق پێیدا تێپەڕیوە، بە درێژایی سەدەی بیستەمی رابردوو تووشمان بووەو لە سەدەی ئێستاشماندا درێژەی هەیە، مێژوویەکی خوێناویمان هەیە، بەداخەوە هەرێمی کوردستانیش بێبەش نەبووە لە ماڵوێرانی و داگیرکاری بە هۆی ئەوەی بەشێك بووە لە عێراق و هەرجارە، بە پاساوێك و لەژێر ناوێکدا جینۆساید کراوە و دەکرێت. بە جۆرێك زۆرترین پێشێلکاربەرامبەر بە مافەکانی مرۆڤ لە روانگەی یاسا نێودەوڵەتیەکانەوە ئەنجام دراوە بەرامبەر بەم گەلە قارەمانە، گەورترین زیانیش لەم جەنگانەدا بەر هاووڵاتیانی سڤیل کەوتووە، بەتایبەتی توێژی منداڵان کە تووشی ئاوارە بوون دێن و پێویستە زۆر گرنگییان پێ بدرێت، چونکە منداڵ لە گرانبەهاترین گەنجینەکانی هەموو نەتەوەیەکە. هەر لەم روانگەیەوە پشتیوانی دەروونیی منداڵان بە بەبنەمایەکی سەرەکی دادەنرێت، چونکە منداڵ لەم دۆخەدا رووبەڕووی تاوان و سەرپێچیەکانی جەنگ بوونەتەوە بە شێوەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ. راستەوخۆ وەك رووخانی خانوو و تووشبوون بە دڵەڕاوکێ و کوشتنی کەسانی نزیکیان، ناڕاستەوخۆش وەک بینینی دیمەنەکانی جەنگ لە تیڤییەکان کە زۆرجار سەردەکێشی بۆ ئەوەی ئەم منداڵانە ئارەزووی شەڕەنگێزی تییاندا چەکەرە بکات، بەشێوەیەکی گشتی مەزاجی ئەو منداڵانە تێك دەچێت و ئارەزووی خواردنیان نامێنێت و هەستکردن بە دڵەڕاوکێ بەردەوام وەك سێبەری دێوەزمەیەک بە سەریانەوە دەبێت، بەتایبەتی لە کاتی نووستندا تووشی پشێوی دێن و دواتر سەردەکێشێ بۆ خەمۆکی و خەمباری کە کاردەکاتە سەر بیر و زهنییان. بۆ کومکردنەوەی ئەم ئاسەوارە نێگەتیڤە لەسەر منداڵانی ئاوارە چەند میکانیزمێك هەیە کە دەکرێت لە رێگەیەوە پشتیوانی لەو منداڵانە بکرێت:

١- دابینکردنی کەشێکی پڕ لە دڵنیایی و ئاسایش بۆ منداڵانی ئاوارە لە دۆخەکانی جەنگ، ئەویش لە رێگەی پرۆسەی پەروەردە بە کردنەوەی قوتابخانە دەستەبەجێ لە شوێنێکی شیاودا دوور لە ناوچەی جەنگ و پشێوی.

٢- هانی منداڵان بدرێت بۆ ئەوەی چالاکی رۆژانەی خۆیان ئەنجام بدەن، وەك وەرزش و کاری خۆبەخشی لە قوتابخانەدا و چالاکی هونەری بۆ ئەوەی سەرقاڵ بن و دوور بکەونەوە لە بیرکردنەوەی نێگەتیڤ.

٣- منداڵانی لەم دۆخەدا هان بدرێن بۆ ئەوەی باسی داهاتوو و هیوا و خەونەکانیان بۆ بکرێت لە قوتابخانەکاندا لە رێگەی ئاڵوگۆڕکردنی بیرۆکەکانی بە یارمەتی مامۆستاکانیان بۆ ئەوەی بتوانن بە بێ دڵەڕاوکێ گفتوگۆ بکەن.

٤- هانی ئەو منداڵانە بدرێت بەوەی کە منداڵانی دیکەی وەك ئەوان هەیە و ئاوارە بوون و توانیویانە بە سەرکەوتوویی ئەو قۆناغانە ببڕن و داهاتووی خۆیان دەستەبەر بکەن لە رێگەی گێڕانەوەی بەسەرهات و چیرۆکەکان.

٥- ئەم منداڵانە رابسپێرێن کە چەند کارێکی بچووك لە قوتابخانەدا ئەنجام بدەن بۆ بەهێزکردنی هەست و لێهاتوویی و پشتبەستن بە خود، وەك چالاکیی تەندروستی و پاراستنی سیستەمی قوتابخانە و پارێزگاریکرد لە دارو درختی باخچەی و سەردانیکردنی هاوڕێکانیان کە هاوشێوەی خۆیانن و بە هۆی دۆخی جەنگ ئاوارە بوون.

٦- گرنگە ئەو دەستەی مامۆستایانەی کە کاری وانەوتنەوە دەکەن لەم قوتابخانانەدا زانیاری تەواویان پێبدرێت لە سایکۆلۆژیای جەنگ و سروشتی منداڵان دوای جەنگ وێرانکاری ئەو دەرئەنجامەی کە دێتە بەرهەم لەم دۆخەدا بۆ منداڵان، لە رێگەی کردنەوەی خولی راهێنانی تایبەت بە منداڵان لەسەر کاریگەری جەنگ لە رووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و جەستەیی و ئەو سەرپێچییانەی کە دەکرێت دژ بە مافەکانی مرۆڤ. ئەمەش یارمەتی مامۆستایان دەدات بۆ ئەوەی بتوانن هاوکاری دەروونیی ئەم منداڵانە بکەن.

٧- بەستنی کۆڕ و چاوپێکەوتن لە رێگەی قوتابخانەکان لەگەڵ دایك و باوکی ئەم منداڵانە بۆ ئەوەی رێنماییان پێ بدرێت تایبەت بە منداڵەکانیان لە ژینگەی جەنگ و ئاڵوگۆڕکردنی بیرورا و شارەزایی و ئەزموون لە نێوانیاندا و هاندانی سەرپەرشتیاری خێزانەکانی ئەو منداڵانە بۆ ئەوەی مامەڵەیەکی ئەرێنی لەگەڵ منداڵەکانیان بکەن، چونکە منداڵان ناتوانن تێبگەن لەوەی چی دەگوزەرێت لە جیاهاندا، تەنیا هەست بە دڵەڕاوکێ و ترس دەکەن، زۆر جار دەترس لە مردن و جیابوونەوە لە دایك و باوك دەبێتە شۆکی دەروونی بۆ ئەو منداڵانی ئاوارەی جەنگ

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**دەبێت لە نزیکترین کاتدا کار لەسەر ئەوە بکرێ کە ئەو منداڵانە بۆ خوێندن بگەڕێندرینەوە، چونکە بە گەڕاندنەوەی منداڵان بۆ خوێندن بەشێکی زۆی کێشەکانیان چارەسەر دەبێت**

**پێویستە هەنگاوێکی جددی هەڵبگرین بۆ پرۆسەی چارەسەری دەروونیی ئەو منداڵانەی بە هۆی زوڵم و زۆری داعش و حەشدی شەعبییەوە تووشی شلەژانی دەروونی بوون**

**پارێزەران پێویستە لە رووی یاساییەوە راپۆرتێک پێشکەش بە ناوەندە یاساییەکان بکەن و لە رێگەی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە کار لە سەر گەیاندنی ئەو پرسە بە نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن**

**پرۆژەی هاوڕێی منداڵ یەکێکە لەو پرۆژانەی کە دەبیتە هەنگاوێکی باش بۆ چارەسەری دەروونی منداڵانی ئاوارە و کەمکردنەوەی گرفتە دەروونییەکانیان، چونکە ئەم پرۆژەیە تایبەتە بەگرنگیدان بە منداڵان و پێشخستنی تواناکانیان**